وەزارەتی رۆشنبــیری و لاوان
ژمارە : 144 لە 2014/1/9

رێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014
رێنمایی رێکخستنی فریکوانسی سپەیس لەهەرێمی کوردستان
( مۆڵەتی کاری وێستگەکانی رادیۆ و TV )

**پاڵپشت بە ماددەی (دووەم / برگەی 9) لە یاسای وەزارەتی رۆشنبــیری و لاوان ژمارە (12) ی ساڵی 2010 و یاسای کاری رۆژنامەگەری ژمارە (35) ی ساڵی 2007 دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان/عێراق کە ئاماژەی کردووە بە پێناسەی رۆژنامەنووس و رۆژنامەگەری , بەو پێوانەیەی کە رۆژنامەگەری بریتییە لە پیشەی کاری رۆژنامەنووسی لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی میدیا و رۆژنامەنووسیش ئەو کەسەیە کە کارو پیشەکەی لەدەزگا جۆراوجۆرەکانی راگەیاندندا ئەنجام دەدات ، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم رێنماییە تا ئەو کاتەی یاسایێکی سەرتاسەری تایبەت بە راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا دەردەچێت کار بەم رێنماییە دەکرێت .**

ماددەی ( 1 ) :

بەکارهێنانی فریکوانسی سپەیس (الطيف الترددي)

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنان لە بواری (فریکوانسی سپەیس the frequency spectrum) ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکات :**

**1- (فریکوانسی سپەیس the frequency spectrum) سامانیکی سروشتییە هاوشێوەی سامانە سروشتییەکانی تری ژێرزەوی و سەرزەوی و ژێرئاو ، ئەو سامانە پێچەوانەی سامانە سروشتییەکانی تر سنوورەکەی بۆ هەموو ولاّتان دیاریکراوەو بە یەکسانی وەکو یەك.**

**2- هەر میدیایەك کە ڕێگەی پێدرا فریکوانسییەك بەکار بهێنێت ، ئەوا نابێتە خاوەن فریکوانسییەکە بەڵکو میدیاکە بەکاربەری فریکوانسییەکەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ، لەباری فرۆشتنی میدیاکە، بەهیچ شێوەیەك فریکوانسیەکە نافرۆشرێ و بازرگانی پێوە ناکرێت.**

**3- (فریکوانسی سپەیس) وەکو هەر سامانێکی تری نیشتمانییە ، دەخرێتە بواری وەبەرهێنان لەپێناو بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی .**

**4- مەرج نییە هەر میدیایەك بە تەنها خاوەنی یەك (فریکوانسی) بێت بەڵکو بەپێی پێویست ڕێکدەخرێت ، بەجۆرێك لە هەندێك باردا چەند میدیایەك هاوبەش دەبن لە هەمان (فریکوانسی) بەلاّم لەکاتی جیاجیادا.**

**5- ئەم سستەم و ڕێنماییانە دەبنە هاوکار و تەواوکەری کاری دامودەزگا یاساییە فیدراڵییەکان و یاساکانی حکومەتی فیدراڵی بەتایبەتیش دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عراق (CMC) .**

**6- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان (ITU) دەگرێت و هانی حکومەتی فیدراڵیش دەدات کە ئیمزا لەسەر گشت ئەو بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە بکات کە تاکو ئێستا نەکراوە.**

**7- لەسەر دوایین ڕاسپاردەی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان (ITU) کە خوازیارە تا کۆتایی ساڵی 2014 پەخشی لۆکاڵی ئەنەلۆك لە جیهاندا نەمێنێت یاخود کەمبێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵدەدات بۆ پراکتیزەکردنی ئەم ڕاسپاردەیە کە لەقازانجی ئاستبەرزی و کوالێتی میدیا بیستراو و بینراوەکاندا دەشکێتەوە.**

**8- حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی ئەو کۆمپانیا ناوخۆ و بیانییانە دەدات کە کاری پەخشکردن ئاسان دەکەن بەتایبەتی لە بواری کۆکردنەوەی گشت ڕایەڵەکانی بیستراو و بینراو لەپەخشێکی**

هاوبەشدا (پەخشی چەپك) بەمەرجێك ئاستێكی بەرز لە دەنگ و رەنگ پێشكەش بكەن و لەچوارچێوەی یاسادا مافەكانی كۆپی رایت بپارێزن .

**ماددەی (2) :**

**بوارەكانی جێبەجێكردنی ئەم سیستەم و رێنماییە .**

**ئەم رێنماییانە لەجێبەجێكردندا ئەو بوارانە دەگرێتەوە :**

1- رادیۆ (لۆكال ، سەتەلایت ، وێستگەكانی سەرلەنویٚ پەخشكردنەوە).

2- تەلەفزیۆن (لۆكال ، سەتەلایت ، وێستگەكانی سەرلەنویٚ پەخشكردنەوە).

3- تاوەر و وێستگەكانی پەخشی هاوبەش و چەپك ( باقە) تەلەفزیون و رادیۆ.

4- كۆمپانیاكانی تایبەت بە بواری ریكلامكردن .

5- كۆمپانیاكانی بواری فرۆشتن و بەكرێدانی فریكوانسی سەتەلایت .

6- كۆمپانیاكانی فرۆشتنی ئامێری پەخش و تاوەر و SNG جێگیر و جولاٚو.

7- كۆمپانیاكانی دۆبلاژكردن و بلاٚوكردنەوەی بەرهەمە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەكان .

8- نوسینگەی رادیۆ و كەناڵە بیانی و عەرەبییەكان .

9- سكرینی ریكلامكردنی گەورەی سەرشەقامەكان.

10- پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ DVB-T .

**ئەم رێنماییە ئەم بوارانە ناگرێتەوە :**

1- گشت ئەو فریكوانسیانەی كە تایبەتن بە سستەمەكانی پەیوەندیكردنی بێتەل لەبوارەكانی سەربازی و پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش و ناوخۆ.

2- فریكوانسیەكانی تایبەت بە پەیوەندییەكانی تاوەری چاودێریكردن لەفڕگە مەدەنی و كشتوكاڵی و سەربازییەكاندا .

3- فریكوانسیەكانی تایبەت بە پێدەرەكانی خزمەتگوزاری پەیوەندیكردن .

4- فریكوانسیەكانی تایبەت بە پێدەرەكانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت .

**ماددەی (3) :**

**میكانیزم و مەرجەكانی مۆڵەت**

**بڕگەی یەكەم : میكانیزمی مۆڵەتدان**

1- وەزارەتی رۆشنبــیری ولاوان بەرپرسە لەبەخشینی مۆڵەتی کارکردنی میدیای بینراو و بیستراو لە هەرێمی کوردستاندا بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

2- خاوەنداری میدیا یاخود لایەنی مەعنەوی کەخاوەنی میدیایە لەوەزارەتی رۆشنبــیری و لاوان فۆرمی داواکاری دامەزراندنی میدیای بیستراو و بینراو پڕ دەکاتەوە کەتیایدا بەڕوونی و بەدرووستی ئەم زانیارییانە تۆمار دەکات کە لەفۆرمەکەدا هاتووە (هاوپێچی ژمارە 1 – فۆرمی داواکاری).

پێویستە هەردوو وەزارەتی هاوکار (وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن) لە ماوەی کەمتر لە(60) رۆژ وەڵامی داواکارییەکە بدەنەوە کە لەرێی وەزارەتی رۆشنبــیرییەوە ئاراستەیان دەکرێت.

3- سەرپەرشتیکردنی لایەنە تەکنیکیەکانی پەخشکردن بە رێنماییەك لە لایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە دەردەچێت و دەدرێت بە گشت میدیاکانی بیستراو و بینراو.

4- مۆڵەتپێدان بۆماوەی یەك ساڵەو پێویستە لەکاتی خۆیدا نوێ بکرێتەوە بەپێچەوانەوە لایەنی میدیا دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت .

5- لەکاتی لادان و سەرپێچیکردن لەرێنماییە یاساییەکانی ئەم سستەم و رێنماییەدا، میدیا سەرپێچیکەرەکان دووچاری لێپرسینەوە دەبنەوە .

6- هەر میدیایەك دوای وەرگرتنی مۆڵەت پێویستە لەماوەی 90 رۆژدا پەخشی ئەزموونی خۆی بکات بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەیان بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت ، هەروەها لەباری وەستانی پەخش پێویستە وەزارەتی لێ ئاگاداربکرێتەوە بە پێچەوانەوە دوای 90 رۆژ لە وەستانی پەخش مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**بڕگەی دووەم : مەرجەکانی خاوەنداری :**

مۆڵەتپێدان بە دەزگاکانی راگەیاندنی بیستراو و بینراوی ناوخۆیی و جیهانی بەم مەرج و تایبەتمەندییە یاساییانە دەبێت :

1-تەمەنی خاوەنی میدیاکە لەسەرووی 25 ساڵیدا بێت.

2- پێویستە خاوەنداری میدیاکە لەهەرێمی کوردستاندا (کەسێتی یاسایی) هەبێت ئەگەر خاوەنداریەکە بۆ لایەنێکی مەعنەوی بوو وەکو پارت وکیان و جوڵانەوە سیاسیەکان و کۆمپانیاو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە ئەو لایەنانە مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت

3- خاوەنداری میدیاکە (کەسان بن یان لایەنی مەعنەوی) ئەگەر خەڵکی بیانی بوون پێویستە بەلایەنی کەم بۆشەش مانگ بەڵگەو رێگەپێدانی مانەوەیان بەفەرمی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت .

4- دوای وەرگرتنی مۆڵەت هەر گۆڕانکارییەك لەخاوەنداریەتی میدیاکەدا بکرێت پێویستە پێشتر وەزارەتی رۆشنبـیری و لاوانی لیٚ ئاگاداربکرێتەوەو رەزامەندی بۆ خاوەندارییە نوێیەکە وەربگیرێت .

5- پێویستە خاوەنداری میدیاکە بە فەرمی سەرمایەکەی بەمشێوەیە تۆماربکات :

- بۆ خاوەنی سەتەلایت لە 50 ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت .

- بۆ خاوەنی پەخشی چەپك (باقە) و پەخشی سستەمی (DVB-T) لە 30 ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

- بۆ خاوەنی تەلەفزیۆنی لۆکاڵ لە 25 ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

- بۆ خاوەنی رادیۆ لە 15 ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت .

6- خاوەنداری میدیاکە پێویستە راوێژکارێکی یاسایی یان پارێزەرێك دەستنیشان بکات بۆ راوێژی یاسایی و کاروباری یاسایی میدیاکەی .

7- بۆ خاوەندارییە بیانییەکان پێویستە بەلانی کەم 50% کارمەندانی میدیا و نوسینگەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بن.

8- نابێت دوو دامەزراوەی راگەیاندن هەمان ناویان هەبێت و هەروەها نابێت هەڵگری هەمان ناوی میدیای تری جیهانی بێت تەنها لەباری وەرگرتنی ئیمتیاز نەبێت ئەویش پێویستە بەشێوەیەکی یاسایی و راستەوخۆ بێت لەنێوان خاوەنی میدیاکەو میدیا جیهانییەکە.

9- دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی ، پێویستە خاوەنداری میدیاکە لە دادنووسدا لۆگۆ و ناوی میدیاکە و خاوەنداری کەناڵەکەیان بەشێوەیەکی یاسایی تۆمار بکات .

10- خاوەنی میدیاکە پێویستە ئەندازیارێك دابمەزرێنێت کەتایبەتمەندی هەبێت لەیەکێك لەم بوارانەدا (گەیاندن ، کارەبا ، ئەلیکترۆنیك) یاخود کەسانێك بێت کەخاوەن ئەزموون بن و زیاتر لەخولێکی برۆفیشناڵیان لەو بوارەدا بینیبێت و بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دواناوەندی بێت.

11- مەرج نییە خاوەنی میدیاکە کەسێکی میدیاکاربێت بەڵام پێویستە بەڕێوەبەرێك بۆ میدیاکەی هەڵبژێرێت بەلانی کەم پێنج ساڵ ئەزموونی لەبواری میدیادا هەبێت.

**بڕگەی سێیەم : مەرجەکانی کوالێتی راگەیاندن و پەخشکردن :**

**أ - لایەنی کوالێتی راگەیاندن :**

پێویستە میدیا بینراو و بیستراوەکان رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن :

1- زیان نەگەیاندن بە نەریت و بەرژەوەندی گشتی لەچوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا.

2- دوور کەوتنەوە لەتێکدانی ئاشتەوانی کۆمەڵایەتی و خێزان .

3- پەخشنەکردنی ئەو بەرنامەو بڕگانەی کە هانی جیاکاری رەگەزی و توندڕەویی و دەمارگیریی دەدەن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا (ئاینی و تایفەگەری و نەتەوەیی و ناوچەگەریی).

4- دوورکەوتنەوە لەبەرپاکردنی قەیرانی ئابووری و شڵەژاندنی بازاڕە ناوخۆییەکان.

5- پەنانەبردنەبەر تەشهیرکردن و جنێودان و بێزار (تحقیر)کردنی کەسان ، یاخود لایەنە مەعنەوییەکان .

6- بڵاونەکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بێ بنەما و دوور لەراستی بەبێ بوونی بەڵگە.

7- بڵاونەکردنەوەی هیچ هەواڵێك کە پێشێلی ئازادی تاکەکان بکات .

8- نەشێواندنی زمانی کوردی و پەیوەستبوون بەسەرچاوەو بنەما سەرەکییەکانی زمانی کوردی.

9- پابەندبوون بەو یاساو رێسایانەی کەمافی بیرمەندی و داهێنان و (کۆپی رایت) دەپارێزن بەتایبەتی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2012 (یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان).

10- پابەندبوون بەو سستەمەی کە نیشاندانی فیلم بە پێی تەمەنەوە پۆلێن دەکات کە (-12) و (- 16) یە، لەباری نەبوونی هیچ ئاماژەیەك بۆ تەمەن مانای ئەوەیە کە فیلمەکە یان بەرنامەکە بۆ گشت تەمەنەکان شیاوە.

تێبینی : پێویستە هەموو کەناڵەکان پابەندبن بە پۆلێنکردنی بەرنامەو فیلمە نیشاندراوەکانیان بەسوود وەرگرتن لەو پۆلێنکردنەی کە ئەنجومەنی بەریتانی بۆ پۆلێنکردنی فیلم ( British Board of Film Classification (BBFC)) بەپێی تەمەنی تەماشاکاران دیاریکردووە، هەروەها پێویستە لەسەر کەناڵەکان کە ئەو فیلمانەی کە بۆ بینەرانی تەمەنی سەرووی 16ساڵییەوەیە دوای کاتژمێر 10ی شەو نیشانبدرێت و دووبارەکردنەوەکەشی نەکەوێتە کاتی بەیانیان یان دوای نیوەڕۆ و ئێواران .

بەهیچ شێوەیەك رێگا نادرێت ئەو فیلمانەی کە پۆرنۆگرافین یاخود توندوتیژی لەرادەبەدەر ( العنف المفرط - Excessive violence)یان تێدایەو دەکەونە خانەی +16 یاخود +18 لە شاشەکانی هەرێمی کوردستان نیشان بدرێت .

ب- لایەنی کوالێتی گەیاندن :

پێویستە میدیاکانی بینراو و بیستراو پابەندبن بەم خاڵانە:

1- پاوەری پەخشکردن بەپێی رەزامەندی و رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەبێت.
2- تاوەرەکانی پەخشکردن بەپێی ئەو ستانداردە دەبێت کە لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندا دیاریکراوە.
3- پێویستە ئامێرەکانی پەخشی رادیۆ و (tv) ستاندارد بێت بەپێی رێنمای و رەزامەندی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
4- پێویستە ئامێرەکانی پەخشکردن پارزونگدار (فلتەردار) بێت و سستەمی فلتەر کردنیشیان کارا بکرێت ، ئەوەش بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن رێکدەخرێت.
5- گشت میدیاکان پێویستە پابەندبن بەو فریکوانسی و چەناڵانەی کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنەوە بۆیان دیاریدەکرێت .
7-پێویستە لەسەر هەموو میدیاکان ئاستێکی بەرز لەگەیاندنی دەنگ و رەنگ پێشکەش بکەن.

**ماددەی ( 4 ) : مۆنیتەرینگ**

1- مۆنیتەرینگ بۆ لایەنی تەکنیکی پەخش و گەیاندن:

لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەیاندنەوە بەشێکی نوێ دادەمەزرێت بە ناوی (بەشی مۆنیتەرینگ) لەو بەشە بە پێی سستەمێکی پێشکەوتوو چاودێری لایەنەکانی تەکنیکی پەخش دەکرێت و هەفتانە راپۆرتی ئاسایی بەشەکە دەدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەروەها لەکاتی روودانی سەرپێچیکردن لە مەرجەکانی پەخش دەستبەجێ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە بۆ گرتنەبەری هەڵسوکەوتی یاسایی هەروەك چۆن لە (ماددەی پێنجەم)دا دیارکراوە .

2- مۆنیتەرینگ بۆ لایەنی راگەیاندن:

چاودێریکردنی رۆڵی راگەیاندنی بیستراو و بینراو دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەرێی هۆبەی (مۆنیتەرینگ) کەسەر بەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەو فەرمانگەکانییەتی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ، لەم بەشەدا تیشك دەخرێتە سەر کەناڵەکان و لەرێی ئامێری ئەلکترۆنی پێشکەوتووەوە هەموو یان بەشێك لەپەخشیان تۆماردەکرێت و لەکاتی بوونی سکاڵادا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لە کەسانی پرۆفیشناڵ بڕیار

لەسەر سەرپێچیکردنەکان دەدرێت، جگە لەوەش لیژنەکە پشت بەو راپۆرتانەش دەبەستێت کە لەلایەن (پەرلەمانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسان و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی تایبەتمەند بە راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری)یەوە ئاراستەیان دەکرێت .

کاری هۆبەی مۆنیتەرینگ و لیژنەکە تەنها چاودێریکردنی ئەو دە خاڵە دەکات کە لە(ماددەی سێیەم / بڕگەی سێیەم) دا هاتووە.

لیژنەیەکی هاوبەش :

پێویستە لیژنەیەکی هاوبەشی مەیدانی لەهەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن پێك بهێنریت بۆ بەسەرکردنەوەی وێستگەکانی پەخشی دەنگ و رەنگ ، لەکاتی کتوپردا ، پێویستە ئەندازیاریکی گەیاندن یان ئەلیکترۆنیك ئەندام بێت لە لیژنەکە.

ماددەی ( 5 ) :

سەرپێچیکردن لە باری سەرپێچیکردندا ، میدیا بیستراو و بینراوەکان رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوەو کە قورسترینیان راگرتنی پەخشی ئاساییە بەشێوەیەکی کاتی ، لێپرسینەوە یاساییەکەش بەپێی جۆری سەرپێچیەکان دەگۆڕێت ، سەرپێچیەکانیش دوو جۆرن :

1- سەرپێچییەکانی تەکنیکی پەخشکردن :

سەرپێچییەکان لە سەر رۆشنایی راپۆرتی (بەشی مۆنیترینگ )ی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەیاندنەوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانەوە دیاریدەکرێت و راستەوخۆ ئاڕاستەی خاوەنی میدیاکە دەکرێت و پێویستە لە ماوەی 24 کاتژمێر لە ئاگادارکردنەوەیان ، سەرپێچیەکەیان بوەستێنرێت و راستبکرێتەوە .

- سەرپێچییەکان ئەم بوارانەی پەخش دەگرێتەوە

أ- نەبوون و دانەنانی پارزونگ (فلتەر) یاخود کارا نەکردنی.

ب- پەخشکردن لەو فریکوانس و باند و شەپۆلانەی کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنەوە مۆڵەتی پێنەدراوە .

ج- بوونی ئامێری پەخشکردنی ناستاندارد.

د- پەخشکردن بە پاوەری زیاتر لەوەی کە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ڕێگای پێداوە .

هـ- بوونی تاوەری نایاسایی و تاوەری ناستاندارد.

و- بەکارهێنانی ئامێری SNG ی جولاو و نەجولاو بەبێ مۆڵەت .

لێپرسینەوەی یاسایی بۆ رادیۆ سەرپێچیکەرەکان

لێپرسینەوەی یاسایی و چەندبارەبوونەوەی سەرپێچییەکان بەمشێوەیە دەستپێدەکات و هەڵدەکشێت :

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ رادیۆ بۆ یەکەم جار : ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ رادیۆ بۆ دووەم جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی رادیۆکە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ رادیۆ بۆ سێییەم جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی رادیۆکە بۆ ماوەی 48 کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ رادیۆ بۆ چوارەمین جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی رادیۆکە بۆ ماوەی 72 کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر .

لەباری چەند بارە بوونەوەی سەرپێچی ، لێپرسینەوەی یاساییش بەپێی پێوەری سەرەوەهەڵدەکشێت .

- لێپرسینەوەی یاسایی بۆ تەلەفزیۆنە سەرپێچیکەرەکان

لێپرسینەوەی یاسایی و چەندبارەبوونەوەی سەرپێچییەکان بەمشێوەیە دەستپێدەکات و هەڵدەکشێت :

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی tv بۆ یەکەم جار : ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی tv بۆ دووەم جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی tv بۆ ماوەی 24 کاتژمێر ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی tv بۆ سێییەم جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی tv بۆ ماوەی 48 کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی tv بۆ چوارەمین جار: راگرتنی پەخشی ئاسایی tv بۆ ماوەی 72 کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.

لەباری چەند بارە بوونەوەی سەرپێچی ، لێپرسینەوە یاساییش بەپێی پێوەری سەرەوە هەڵدەکشێت .

**لێپرسینەوەی یاسایی لە پەخشکردن بە پاوەری زیاتر:**

**هەر تەلەفزیۆنێك یان رادیۆیەك لەو پاوەرەی کە رێگا پێدراوە زیاتر پەخش بکات ئەوا :**

**- بۆ یەکەمین جار، ئاگاداردەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەماوەی 24 کاتژمێردا چارەسەری سەرپێچییەکەیان بکەن .**

**- بۆ دووەمین جار ، 48 کاتژمێر پەخشی ئاسایی دادەخرێت و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.**

**- بۆ سێیەمین جار ، 72 کاتژمێریش پەخشی ئاسایی دادەخرێت و ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی 24 کاتژمێر.**

**- لەباری چەند بارە بوونەوەی سەرپێچی ، سزای داخستنی کاتی بۆ بەرنامە ئاساییەکانیش بەپێی پێوەری سەرەوە هەڵدەکشێت .**

**- لێپرسینەوەی یاسایی لە پەخشکردنی بێ مۆڵەت :**

**لەباری پەخشکردنی رادیۆ یان تەلەفزیۆن بەبێ مۆڵەت (لۆکاڵ و سەتەلایت) دا:**

**- پەخشکردنی بێ مۆلەت یەکەم جار : ئاگادارکردنەوەیان بۆ وەستاندنی دەستبەجێی پەخش و گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.**

**- پەخشکردنی بێ مۆلەت دوای تێپەڕبوونی 24 کاتژمێر لە ئاگادارکردنەوەی یەکەم (ئاگادارکردنەوەیان کە پێویستە یەکسەر پەخشەکە بوەستێنرێت).**

**- پەخشکردنی بێ مۆلەت دوای تێپەڕبوونی 24 کاتژمێر لە دووەمین ئاگادارکردنەوە: ئاگادارکردنەوەی دادگا بۆ وەرگرتنی فەرمانی خێراو دەستبەجێ بۆ راگرتنی پەخش و دەستبەسەراگرتنی ئامێری پەخشەکەیان لەلایەن دەزگاکانی جێبەجێکار لەوەزارەتی ناوخۆ.**

**تێبینی : ئەم هەڵسوکەوت و رێوشوێنە یاسایانە لەسەرئامێرەکانی (SNG) و نوسینگەکانی میدیای بیستراو و بینراوی بیانی و سکرینی ریکلامکردنی بێ مۆڵەتیش بەهەمان پێوەر جێبەجێدەکرێت.**

**- لێپرسینەوەی یاسایی لە پابەند نەبوون بەپێوەرە گشتییەکانی ریکلام :**

**هەر میدیایەکی بیستراو و بینراو سەرپێچی بکات لەو پێوەرە گشتییەکانی کە لەماددەی هەشتەمدا هاتووە سەرەتا تەنها ئاگاداردەکرێتەوە بەوەستاندنی دەستبەجێی ریکلامەکە ، لەباری گوێنەدان بە ئاگادارکردنەوەکەو سەرلەنوێ بلاوکردنەوەی هەمان ریکلام، پەخشی ئاسایی میدیاکە بۆ ماوەی 24**

کاتژمێر دەوەستێنرێت، هەروەها سەرلەنوێش ئاگاداردەکرێتەوە، بەچەندبارە بوونەوەی هەمان سەرپێچی، وەستاندنی پەخشی ئاسایی چەند جارە دەبێتەوە .

- لێپرسینەوە یاسایی لە نوێنەکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت:

لەباری نوێنەکردنەوەی مۆڵەت و تێپەربوونی مانگێك بەسەر وادەی نوێکردنەوەکە ، دەزگا سەرپێچیکارەکە بە فەرمی ئاگاداردەکرێتەوە ، ئەگەر نوێنەکردنەوەکە چوار مانگی بەسەردا تێپەڕێت ئەوا مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوەو پێویستە بەزووترین کات پەخشەکە بوەستێنرێت .

2- سەرپێچییەکانی بواری ڕاگەیاندن .

ئەم سەرپێچیانە زیاتر پەیوەستن بە (ماددەی سێیەم / بڕگەی سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە سەرپێچییەکان لەلایەن چوار کەناڵی فەرمییەوە دیاریدەکرێت بەم شێوەیە:

أ- ڕاستەخۆ لەلایەن بەشی مۆنیتەرینگ لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.

ب - دەسەڵاتی دادوەری ، ئەویش لەکاتی یەکلابوونەوەی کێشە و سکاڵاکان لەدادگادا.

ج- لەسەر فەرمانی داواکاری گشتیی لەهەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم ڕێنماییەو ئەحکامە گشتییەکانی تری وڵات.

د- لەسەر داوای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش فەرمان دەردەکات بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بە میدیا سەرپێچیکارەکان بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ جۆری سەرپێچییەکە بە دوو شێوە:

- سەرپێچی (أ) : ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆ ماوەی یەك هەفتە بۆ ئەو میدیایانەی کە بەپێچەوانەی (ماددەی سێیەم / بڕگەی سێیەم/ خاڵەکانی 1، 2، 3 ، 4 ، 5 ) کاریانکردووە.

- سەرپێچی (ب) : ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بۆ ئەو میدیایانەی کە بەپێچەوانەی (ماددەی سێیەم/ بڕگەی سێیەم / خاڵەکانی 6 ، 7 ، 8 ، 9 ، 10) کاریانکردووە.

تێبینیەکی گرنگ : پێویستە لەسەر میدیا سەرپێچیکارەکان لەبری پەخشی ئاسایی ، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەچاپکراوی و ڕوونی لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکەیاندا فەرمانی وەستاندنەکە پەخش بکەن کەتیایدا بەڕوونی ئاماژەی بەماوەی وەستانی پەخشی ئاسایی و هۆکاری وەستاندن و سەرپێچیەکەیان کرا بێت .

**ماددەی (6) :**

باجی مۆڵەت

**بڕگەی یەکەم : باجی مۆڵەتی ڕادیۆ**

- باجی دەرهێنانی مۆلەتی رادیۆ :

سەرتاسەری (زیاتر لە شار و دەڤەرێك) : 10 ملیۆن دیناری عێراقی ، نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

ناوچەیی (کەمتر لە دوو شار و دەڤەر) : 5 ملیۆن دیناری عێراقی نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە .

- باجی دەرهێنانی مۆڵەتی سەرلەنوێ پەخشکردنەوەی ڕادیۆ عێراقی و جیهانییەکان :

پەخشکردنەوەی سەرتاسەری (زیاتر لە شار و دەڤەرێك) : 10 ملیۆن دیناری عێراقی ، نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

پەخشکردنەوەی ناوچەیی (کەمتر لە دوو شار و دەڤەر) : 5 ملیۆن دیناری عێراقی نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

**بڕگەی دووەم : باجی مۆڵەتی tv**

- باجی دەرهێنانی مۆڵەتی تەلەفزیونی لۆکاڵ (ئەنەلوك و DVB-T):

سەرتاسەری (زیاتر لە شار و دەڤەرێك) : 20ملیۆن دیناری عێراقییە و نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە

ناوچەیی (کەمتر لە دوو شار و دەڤەر) : 10ملیۆن دیناری عێراقییە و نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

- باجی دەرهێنانی مۆلەتی سەتەلایت : 40 ملیۆن دیناری عێراقییەو نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

- باجی دەرهێنانی مۆلەتی سەرلەنوێ پەخشکردنەوەی تەلەفزیۆنە عەرەبی و جیهانییەکان : 12 ملیۆن دیناری عێراقییەو نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

- باجی مۆڵەتی پەخشکردنی تەلەفزیونی چەپك : 16 ملیۆن دیناری عێراقییەو نوێکردنەوەی سالآنەشی 4/1 ئەم بڕەیە .

- باجی سالآنەی مۆڵەتی پەخشکردنی تەلەفزیونی DVB-T لەلایەن کۆمپانیا ڕێگاپێدراوەکان بۆهەر چەناڵێك 500 هەزار دیناری عێراقییە.

**بڕگەی سێیەم : باجی مۆڵەتی SNG ی جوڵاو و جێگیر**

- باجی مۆڵەتی بەکارهێنانی ئامێری SNG جوڵاو : 2 ملیۆن دیناری عێراقییەو نوێکردنەوەی ساڵانەشی 4/1 ئەم بڕەیە.

**بڕگەی چوارەم : باجی کارکردنی نوسینگە جیهانیەکانی رادیۆ و tv و ئاژانسەکانی هەواڵ**

- باجی کردنەوەی نوسینگەی میدیا بیستراو و بینراوەکانی جیهانی لە هەرێمی کوردستان : 5 ملیۆن دیناری عێراقییەو نوێکردنەوەی ساڵانەشی 4/1 ئەم بڕەیە .
- باجی کردنەوەی نوسینگەی ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ ساڵانەیەو بڕەکەی 2 ملیۆن دینار عێراقییە
- باجی دامەزراندنی ئاژانسە ناوخۆییەکانی هەواڵ ساڵانەیەو بڕەکەی 2 ملیۆن دیناری عێراقییە.

**بڕگەی پێنجەم : باجی کارکردنی سکرینی ریکلامکردنی گەورەی سەرشەقام و باڵەخانەکان ( ئەوانەی قەبارەیان لە دوو مەتر گەورەترە):**

- باجی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی سکرینەکانی ریکلامکردن

زیاتر لە 4 مەتر 1 ملیۆن دیناری عێراقی

زیاتر لە 3 مەتر 750000 دیناری عێراقی

زیاتر لە 2 مەتر 500000 دیناری عێراقی

**ماددەی ( 7 ) :**

لەکاتی دروستبوونی ئاریشەو گرفتەکان و پەنابردنە بەر یاساو دەسەڵاتی دادوەری ، ئەم سستەم و رێنماییە هاوشان لەگەڵ یاسای کاری رۆژنامەنوسی لەهەرێمی کوردستان و یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی و ئەحکامەکانی تری گشتی دەبنە پێوەرێك بۆ بڕیاردان لەو پرسانەی کە دەچێتە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری .

**ماددەی ( 8 ) :**

پێوەرە گشتییەکانی ریکلام و بانگەشەکردن

پێویستە ریکلامی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی ئەو مەرجانە بگرێتەخۆ :

1- هیچ ریکلامێك لە 60 چرکە تێپەڕنەکات .
2- پێویستە گرنگی بەلایەنی جوانناسی ریکلامەکە بدرێت و نابێت ئاستی هونەری و تەکنیکی ریکلامەکە دابەزیوو بێت.
3- پێویستە ریکلامەکان کاریگەری نەرێنی و نێگەتیفی لەسەر ئاشتەوانی خێزان و کۆمەڵگەدانەبێت.

4- نابێت ریکلامکردنەکە راستەوخۆ دژایەتی هیچ کاڵایەکی تربکات .

5- پێویستە گوتاری نێو ریکلامەکان پاراو و لەچوارچێوەی نەریتی گشتیدابێت و جوێن و قسەی بازاڕی تێدا نەبێت

6- بۆ ریکلامکردن بۆ بوارەکانی تەندروستی و پەروەردەو خوێندنی باڵا و خۆراك و خواردەمەنی پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەری رەزامەندبن.

7- نابێت ریکلام بۆ هیچ دەرمانێك بکرێت جگە لەگۆڤارێکی پزیشکی باوەڕپێکراو نەبێت کەلەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە پشتگیریکرابێت و رەزامەندی بۆ وەرگیرابێت .

8- نابێت لەریکلامکردن بۆ نەخۆشخانە تایبەتییەکاندا ریکلام بۆ هیچ پزیشکێکی بیانی بکرێت.

9- پێویستە ریکلام بۆ هیچ کاڵایەك نەکرێت کە بەنایاسایی هێنرابێتە هەرێمی کوردستان و بەکوالێتی کونترۆلدا تێپەرنەبووبێت.

10- ریکلامکردن بۆ نێرگەلەو جگەرە و مەی بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

11- کۆی ئەو کاتانەی بۆ ریکلامکردن لەناو فیلم و دراماو زنجیرە و بەرنامەکاندا بەکاردێت، پێویستە بۆ هەرجارێك لە پێنج خولەك تێپەڕنەکات و بۆ کەمتر لە 60 خولەك سێ جار ماوەی ریکلامکردن هەبێت (جگە لە دەستپێکی بابەتە نمایشکراوەکە) ، بۆ ماوەی زیاتر لە 60 خولەك چوارجار ماوەی ریکلامکردن هەبێت (جگە لە دەستپێکی بابەتە نمایشکراوەکە).

12- نابێت تولباری ریکلامکردن لەیەك تولبار زیاتر بێت و پێویستە تەنها لە خوارەوەی سکرینەکەدا دابنرێت جگە لەو تەلەفزیۆنانەی کە وینەی جولاویان نییە.

**ماددەی (9) :**

**پێوەرەگشتییەکانی بەکارهێنانی SMS لە تەلەفزیۆن**

لەکاتی بەکارهێنانی SMS لەناو بڕگەو بەرنامەکانی تەلەفزیۆن پێویستە رەچاوی ئەم رێنماییانەی خوارەوە بکرێت :

1-هیچ SMS یێك راستەوخۆ دانانرێت بەڵکو پێویستە پێشتر لەلایەن لایەنی بەرپرسی تایبەت بە SMS ی تەلەفزیۆنەکە بخوێنرێتەوە ئینجا دابنرێت .

2-بەهیچ جۆرێك SMS یێك دانانرێت کە جنێو یان قسەی ناشیرین و دوور لە نەریتی گشتی و یاخود هانی توندوتیژی و رەگەزپەرستی بدات.

3- بەهیچ جۆرێك لەدووتوێی نامەکانی SMS دا ژمارەی تەلەفۆنی کەسان بڵاوناکرێتەوە بۆ مەبەستی یەکترناسین ، تەنها ئەو SMS انە نەبێت کە ریکلام و بانگەشەی بازرگانین.

4- پێویستە تەنها یەك تولبار و شریتی SMS لەسکرینەکەدا هەبێت جگە لەو تەلەفزیۆنانەی کە وێنەی جوڵاویان نی‌یە.

**ماددەی ( 10 ) :**

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کاوە مەحمود**
**وەزیری رۆشنبیری و لاوان**

**هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەم رێنماییە**

هەرێمی کوردستان بوژانەوەیەکی گەورەی سیاسی ، ئابووری ، کەلتوری ، کۆمەڵایەتی و بازرگانی بەخۆیەوە دەبینێت ، فراوانبوونی رەهەندەکانی رادەربڕینیش هاودەم و تەواوکەری ئەم بوژانەوەو پێشکەوتنە مەزنەیە ، بنەمای ئەم پێشکەوتنەش پاراستنی ئازادی راگەیاندن و رادەربڕین و نەبوونی سانسۆرە ، ئەم پێشکەوتنەی کە لە هەموو بوارەکاندا هەیە وایکردووە بواری راگەیاندنی بیستراو و بینراویش گەشەیەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت و رایەڵەکانی لە زۆربووندا بێت بەجۆرێك کە پێویست بەوە دەکات رێنماییەك دەربکرێت بۆ ئەوەی کارکردنی ئەو رایەڵانە بەرێنمایی لەسەر رۆشنایی یاساکانی هەرێمی کوردستاندا رێك بخرێت ، ئەم رێنماییانە هاندەرێکە بۆ پشتگیریکردن و جێگیرکردنی کاری پرۆفیشناڵ و کوالێتی بەرز لە کاری راگەیاندنی بیستراو و بینراودا.

**سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان**

**ژمارە :** 6 **لە** 2014/1/11

**رێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی** 2014